


# سەبارەت بە کایەی وەرگێڕان



عەبدولقادر عەزیز سەعید

* لە ناوەڕاستی حەفتاکان و هەشتاکان، بزاڤی وەرگێڕان لەسەر دەستی چەند وەرگێڕێکی هەڵکەوتوو کە ژمارەیان لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێ نەدەپەڕی ڕووی لە گەشەسەندن کرد و ئەوانە توانییان کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبیی نووسەرانی بەناوبانگی وڵاتانی دراوسێ و یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوکات، لە ڕێگای زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی وەرگێڕنە سەر زمانی کوردی، ئەو وەرگێڕانانە بوونە مایەی سەرنجڕاکێشانی خوێنەران و دەنگدانەوەی زۆر باشیان لێ کرا، لە دوو بواری هەڵبژاردن و جوانی وەرگێڕانەکانیان و زمان پاراوییەکەیان باڵادەست بوون. لە دوای ڕاپەڕینیشەوە تا دەگاتە ڕۆژگاری ئەوڕۆمان، ئەوکایە ژیارییە تاڕادەیەک توانیویەتی لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێش چووی ئەو هونەرە ڕێ بکات.

* ئێستا بە سەدان کتێبی دانسقە لە ژانرە جۆراوجۆرەکان، لە بەرهەمی نووسەرانی جیهانی وەرگێڕدراون و چاپکراون، هەرچەندە تیراژی چاپیان لە هەزار دانە زیاتر نەبووە، لە هەمان کاتیشدا کتێبی وەرگێڕدراومان هەیە کە تا ئێستا ١٤ جاران چاپکراوەتەوە، لەوانە (گێلەپیاو)ی عەزیز نەسین لە وەرگێڕانی عەبدوڵڵای حەسەنزادە، هەروەها (چاوەکانی)ی بزورگ عەلەوی لە وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی.

* مایەی خۆشحاڵییە نووسەرانی کورد لێرە و لە ڕۆژهەڵات، لە هەندەرانیش زۆر بە گەرموگوڕی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا تاویان داوەتە کاری وەرگێڕان و لە زمانە زیندووەکانی دنیا وەردەگێڕن، ئەوەتا دەبینین بەرهەمی کەڵە نووسەرانی هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەبیات دەکەنە کوردی، تەنانەت هەندێک لە وەرگێڕەکان سەرجەم کارەکانیان وەردەگێڕن و شان بەشانی ئەوانەش بەرهەمەکانی نووسەرەکانی بە ڕەگەز کوردن، کە بەهۆی هەلومەرجی سیاسی وڵاتەکانیان نەیانتوانیوە بە زمانی دایک بنووسن، وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی، لەوانە ڕۆمانەکانی [یەشارکەمال، ئیبراهیمی یوونسی، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، عەلی محەمەد ئەفغانی] کە دوای چەندان جار لە چاپکردنیان بەهۆی جوانی وەرگێڕان و زمان پاراوییان لێرە و لەودیو لەنێو کتێب فرۆشییەکاندا نەماون.

* لە هەمان کاتدا شان بەشانی ئەو بزاڤی وەرگێڕانەی ئەوڕۆی نێو کایە جۆراوجۆرەکانی ڕۆشنبیریمان، بەدەیان کتێبی وەرگێڕدراوی لاواز و کرچوکاڵ دەخرێنە بازاڕەوە، وا دیارە لەلایەن دەزگاکانی پەیوەست بەو بوارە، پێداچوونەوە بۆ دەقە وەرگێڕدراوەکان وەک پێویست نییە، بە تایبەتی ئەوانەی لە زمانی دووەم و سێیەم دەکرێنە کوردی، ئەوەتا م. عەبدوڵڵای حەسەن زادە لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێ: دەکرێت بڵێین وەرگێڕان زانستە، بەڵام زمان زانین تەنێ ئامانجی کاری وەرگێڕان ناپێکێ، پێویستە وەرگێڕ لەو بوارەی دەیەوێت تێیدا وەربگێڕێ، توانایی نووسینی هەبێ. تەماشا هەژار موکریانی لە وەرگێڕانی چوارینەکانی خەیامدا چۆناوچۆن ڕوحی وەبەرناوە و دەڵێ:

**گیانی منە مەی کە بێ ئەوم، بێ گیانم**
**ژانم لە دڵیە، بادەیە دەرمانم**
**هەر ئەودەمە لام خۆشە کە مەیگێڕ بێژێ**
**هەردوو فڕێ دی، بڵێم بەسەو ناتوانم.**